# له پاش فیتنه‌ی هوڵه‌ندا و دانیمارك

# كێیه بڵێت: ( ئێمه‌ین پشتیوانانی خوا )

**[ به كوردی ]**

**بعد فتنة هولندا والدانمارك من يقول**: ( **نحن أنصار اللّه** )

[ باللغة الكوردية ]

**نوسینی : پشتیوان سابیر عه‌زیز**

المؤلف: بشتيوان صابر عزيز

**نوسینگه‌ی ( ره‌بوه‌ی ) هه‌ره‌وه‌زیی بۆ بانگه‌واز و وشیاركردنه‌وه‌ی ڕه‌وه‌نده‌كان له‌ شاری ڕیاز**

**المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض**

**2008 -1429**

islamhouse.com

# له پاش فیتنه‌ی هوڵه‌ندا و دانیمارك

# كێیه بڵێت: ( ئێمه‌ین پشتیوانانی خوا )

پێشه‌كی:

بێ گومان هه‌ر جۆره دوژمنایه‌تێك له‌لایه‌ن دوژمنانی ئیسلامه‌وه شتێكی سه‌یر نیه، خوای گه‌وره ئه‌فه‌رموێت:{ قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاء مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ } آل عمران/118 .

وه‌نابێت ئه‌وه‌مان له‌بیر بچێت دوژمنانی ئیسلام پێشه‌واو سه‌ركرده‌یان شه‌یتانه، خوای گه‌وره‌ش باسی هه‌ڵوێستی شه‌یتانمان بۆ ده‌كات به‌م شێوه‌یه:{ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلَّا أَنْ دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِنْ قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ} إبراهيم/ 22 .

وه‌ئه‌وه‌ی له‌م ماوه‌ی پێشوودا رویدا له وڵاتانی ئه‌وروپی كه تایبه‌ت بوو به سوكایه‌تی پێكردنی هه‌ندێ رۆژنامه به‌تایبه‌تی رۆژنامه‌ی دانیماركی به كه‌سایه‌تی

پەیامبەری ئیسلام و خۆشەویست و پێشەوامان محمد ـ درودی خوای لەسەر بێت ـ ، هەروەها ئەو روداوەی کە لە هۆڵەندا رویدا لەلایەن بەربرسێکی یەميني سەهوێنی تیرۆرستی هولەندي (جیرت فیلدرز) لە فلیمێکی سوکایەتی ئامێزدا لە سایتێکی ئینتەرنێتی پارتەکەی لەرۆژی پێنج شەمە ٢٠٠٨/٣/٢٧ کەناوی لیٚ ناوە( فیتنە) لەم فلیمەدا بیٚ رێزیو سوکایەتی بەرامبەر بە قورئانی پیرۆز کە گەورەترین پەیامە بڵاوکردوەتەوە .

وا دیارە ئەم جۆرەکارانە دڵگرانمان دەکات و رق و کینەمان هەڵدەسێنێت، بەڵام بیٚ گومان ئەمە نیشانەی کوتای هاتنی ئەو جۆرە کەسانەو دەوڵەتانەیە، خوای گەورە دەفەرموێت:{ إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ } الحجر/95، هەروەها دەفەرموێت:{ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الأَبْتَرُ } الكوثر/3

پیٚ دەچێت ولاٚتانی ئەوروپی ئەمجارە ئەیانەوێت دژایەتی موسڵمانان بکەن بەم جۆرە شتانە، وە بەشی داگیرکردن و سەربازیش بەجیٚ بهێڵن بۆ ئەمریکا...

بیٚ گومان ئەم سوکایەتیە کردنە بەهیچ شێوەیەك ناچێتە خانەی ئازادی بیرو راو رادەربرین و دوورە لەپەیامی رەسەنی راگەیاندیش .

ئێمە دەزانین کە پەرەسەندنی ئیسلام و موسڵمان بوونی رۆژانەی دەیان و سەدان کەس لە ولآتانی ئەوروپا ئەو ترسەی لای هەندیٚ خەڵکی دەمارگیر و

ڕەگەزپەرست دروستکردووە کە ڕەنگە لەئاییندەدا ئەوروپا هاوسەنگی تێك بچێت و دیمۆگافیای دانیشتوانی گۆڕانی بەسەر دابێت ، بەلاَم گونجان و ڕێکبوونی ئایینی ئیسلام لەگەڵ سروشتی مرۆڤ و بوونی وەك هۆکارو فاکتەری ئارامی و خۆشبەختی مرۆڤ وای کردووە کە هەزاران خەڵك ڕووی تێبکات و موسڵمان بوونی خۆیان ڕابگەیەنن .
دیارە ئازادی بیروورا دەربرینیش لەهەموو شوێنێکدا سنووری خۆی هەیەو بەرەهایی نییە، وەك بینیمان لەفەرەنسا چەندین شوێنی نمایشکردنی فیلم و شانۆ ئاگریان تێبەرداو سوتێنران ، چونکە سوکایەتی بەمەسیح پەیامبەر (سلاَوی خوای لەسەر بێت) کرا بوو لەو فیلمەدا کە نمایشکرابوو ، یاخود دەویسترا نمایش بکرێ ، فەرەنساش وەك خۆیان دەڵێن (دایکی ئازادی) یە، ئەی بۆچی بۆ خۆیان ڕازی نین سنوورەکانی ئازادی ببەزێنن ، با بۆ خەڵکی تریش ڕازی نەبن . ئەم جۆرە کارانە شتێکی تریان بەدواوە نابێت جگە لە زیادکردنی ڕق و کینەو بلاَوکردنەوەی کەراهیەت و یەکتر قبوڵ نەکردن، وە پێویستە ولاَتە ئەوروپییەکان ئەوە بزانن کە ئیسلام و موسڵمانان لەولاَتەکانیاندا بوونەتە پێکهاتەیەکی گەورەو نکوڵی لێنەکراو ، بۆیە پێویستە پاراستنی ڕێزو کەرامەتی هەموو لاو هەست و نەست و شعووری ملیاران کەس لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا.

موسڵمانانی خوشەویست: ئایە لەپاش ئەو هەمووە سوکایەتیە کردنە بە موقەدەساتی ئیسلامیمان کاتی ئەوە نەهاتوەبلێیت منم پشتیوانی دەکەم لەئاینەکەم ... خوای گەورەئەفەرموێت: { یاأَیُّها الّذِینَ ءامَنوا کونوا أنصارَ اللّهِ کما قالَ عِیسی ابنُ مَریَمَ لِلحَوارِیِّن مَن أنصَاري إلی اللّهِ، قالَ الحَوارِیُّون نَحنُ أنصارُ اللّه...} الصف: ١٤

وەئەگەڕ دەتەوێت بەڕگری لە قورئانی پیرۆز و پێغەمبەری خۆشەویستمان بکەیت ، ئەوە قورئان و سوننەت بکەرە بەرنامەی ژیانی خۆت و بانگەواز بکە لە پێناو خوای گەورە،چونکە بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەناو خەڵکیدا دەبێتە مایەی بڵاوبونەوەی لە لایەك، وە لە لایەکی ترەوە دەبێتە مایەی دڵگرانی ناحەزانی ئیسلام.

لەکۆتاییدا ئەم چەند ئایەتە بەبیر دێنمەوە ئەی خوێنەری بەڕێزم:

{ إنَّ الّذینَ یُؤذونَ اللّه ورسوله لَعنهمُ اللّه في الدّنیا والآخرة وأعدّ لهم عذاباً مهینا }

{ لا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُم مَّا اكْتَسَبَ مِنَ الإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ }

النور/11.

{ وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لاَ يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا } آل عمران/120 .

داواكارين لەخواى گەورە ئاينەكەى سەرخات و موسڵمانانيش بپارێزێت لە پيلانى دوژمنان.

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**